# سەرەڕای کرانەوەی کۆمەڵگە

## هەلی کار و دەرفەتی کارکردن بۆ ئافرەتان کەمتر بووە





پێش دروستبوونی ئەم قەیرانە ئابوورییە کە بەرۆکی هەرێمی کوردستانی گرتووە، دۆخی بژێوی و داهاتی خێزانەکان زۆر باشتر بوو، لەگەڵ ئەوەشدا بەشێکی زۆری ئافرەتان هەوڵیان دەدا، ببنە خاوەن کار و داهات، یان لانیکەم کارمەندێکی حکوومی یان کەرتی تایبەت بن، لەدوای دروستبوونی قەیرانەکەش ئەو خواستە زیاتر پەرەی سەندووە، چالاکانی مەدەنیش جەخت لەوە دەکەنەوە کە بەگەڕ نەخستنی توانای ئافرەتان زیانی گەورەی ئابووری بۆ خێزان و کۆمەڵگەش هەیە، کارکردنی ئافرەتانیش لە دەرەوەی ماڵ سەربەستی و سەربەخۆبوونێکی ئابوورییان پێدەبەخشێت، ئەوەش بە بەردەبازێک دەزانن بۆ ئەوەی لە توندوتیژی خێزانی و چاولەدەست بوونی باوک و برا و هاوسەر رزگاریان بێت، هاوکات پێداگری لەسەر ئەوە دەکەن کە گیرۆدەبوونی کۆمەڵگە بە نەریت و جیاوازیی رەگەزی وایکردووە هەلی کار و دەرفەتی کارکردن بۆ ئافرەتان کەمتر بووە. هەر لەو بارەیەوە بەشداربووانی ئەم راپۆرتەی گوڵان راوسەرنجی خۆیان دەخەنەڕوو.

**گوڵان: کۆمەڵایەتی**

میدیا رەشید مامۆستایە لە قوتابخانەی مورتکە و خەڵکی گەرمیانە و لە دەستپێکی قسەکانیدا دەڵێت: «ئافرەت لە سنووری کەلار و گەرمیان ئازادتر لە هەموو بوارەکان و رێگەی پێدراوە کار بکات، رای خۆی دەرببڕێت، واتە راستە لە کۆمەڵگەیەکی عەشایەری دەژین، بەڵام لەم سنوورە زۆر رێز لە مافی ئافرەتان دەگرن، گۆڕانکاری زۆریش روویداوە لە ساڵانی ١٩٩١ تاوەکو ئێستا، بۆ نموونە هاوڕێم هەبوو وازی لە خوێندن هێنابوو، کەچی دوای مێردکردن و دوای ئەوەی بوو بە خاوەن چەند منداڵ دیسان گەڕاوەتەوە بۆ خوێندن، واتە رێگەی پێدراوە و پاڵپشتی لێ دەکرێت.» سەبارەت بە دەرفەتی کارکردنیش بۆ ئافرەتان گوتی: «لەو کاتەوە مووچە و بودجەی کوردستان بڕاوە، قەیرانی گەورە دروست بووە، سیاسەتی بەغدا لە دژی کورد وایکردووە زۆربەی کۆمپانیا گەورەکان و رێکخراوەکانی جیهانی لەکوردستان نەماون، لە ئێستادا هەلی کار بۆ پیاوانیش زۆر کەم بووە، بەڵام زۆر لەم دۆخە خراپتریشمان تێپەڕاندووە، دەبێت سەبر و تەحەمولمان هەبێت، ئافرەتانیش خۆیان دەبێت هەوڵ بدەن و حکومەتیش فەرزە لە سەری دەرفەتی کاریان بۆ بڕەخسێنێت.»

ماجید خەلیل، مامۆستای زانکۆ و سەرۆکی بەشی مێژووە لە کۆلێژی پەروەردەی زانستە مرۆڤایەتییەکانی زانکۆی سلێمانی، بەگەڕ نەخستنی توانای ئافرەتان بە دوو رەهەندەوە گرێ دەدات، «یەکەم: سیستەمی سیاسی و دابونەریتی کۆمەڵایەتی و رێگرییە ئایینییەکان. دووەم خودی ئافرەت کە توانای خۆی بەگەڕ ناخات.» هاوکات دەڵێت: «ئێمە دارای سیستەمێکی بەرخۆرین، لەم نەزمەدا چ پیاو، چ ژن لە زەرەردایە و تواناکان رەوگەی راستی خۆیان ناپێکن، ئێمە بووینەتە هێزی مرۆیی بۆ ساغکردنەوەی کاری وڵاتانی هەرێمی و نێونەتەوەیی، ژنیش لە ژینگەیەك بارهاتووە کە خاوەنی عەقڵی سەربەخۆ و ئازاد نییە و کۆمەڵگە و نەریت و روانینی پیاوسالاری و بقەکانی حەرام و حەلال کوشتوویەتی و شوناسی خۆی ون کردووە. لێرەدا تێدەگەین کە ژن زەرەرمەندە، ژن کائینێکە منداڵ دەخاتەوەو بێ سەرمایە و سەودای رۆشنبیرییە. بۆیە رێچارەکان سانان، دەکرێ ئاوڕی جددی لە ژن بدرێتەوە، خودی ژنیش ئاوڕ لەخۆی بداتەوە. دەبێ ژن بێتە پێشەوە و لێنەوێ، لێنەوێ لە وزەو ورەو وێناکانی توانای خۆی، دەبێ قوتار بێ لەو قەمتانەی کە بوونەتە باری قورسی سەرشانی. ژن دەبێ سانسۆرەکان راماڵێ و وەك مرۆڤ بژی،

**وەگەڕخستینی تواناکانی ئافرەتان لە کوردستان هێشتا زۆر لاوازە و پێویستی بە پلان و کاری جددی هەیە**

**ئێستا لە وڵاتانی پێشکەوتووی دونیادا بێکاربوونی ئافرەت جۆرێکە لە عەیبە و حکومەتیش قبووڵی ناکات**

**تا ئێستا کەلتوور و نەریتی پیاوسالاری زاڵە بەسەر کۆمەڵگەی ئێمەدا هەر ئەوەش وایکردووە تواناکانی ژنان هەمیشە شاراوە بێت**

**خراپبوونی باری ئابووریی وڵات بە شێوەیەکی گشتی هەلی کارکردنی سنووردار کردووە، بە واتایەکی دیکە بەشێکی پیاوانیش دەرفەتی کارکردنیان لە جاران زۆر کەمتر بووە**

**کۆمپانیاکانی کەرتی تایبەت بەهۆی نەبوونی متمانە و بە کەم بینینی تواناکانی ژن لە کارکردندا، کەمترین دەرفەت بۆ ئافرەتان دەڕەخسێنن تاوەکو کار بکەن**

دەبێ لە کایەیەکدا بێ کە دەستوور و سەروەریی یاسا هەبێ، دەبێ ڕێکخراوەکانی کۆمەڵی مەدەنی هێزی راستەقینەی فشاربن، کۆی هەموو ئەم دەبێتانە هەلی کار بۆ ژن فەراهەم دەکەن. ئەم هەلە بەچاوخشاندن بە دەوروبەردا زووتر دێتە بەرهەم و زیاتر زەمینەی کار بۆ ئافرەتانی ئێرە فەراهەم دەکات.»

گۆڤار رزگار چالاکی بواری مافی مرۆڤە و سەرەتا هێما بۆ ئەوە دەکات کە «کۆمپانیاکانی کەرتی تایبەت بەهۆی نەبوونی متمانە و بە کەم بینینی تواناکانی ژن لە کارکردندا، کەمترین دەرفەت بۆ ئافرەتان دەڕەخسێنن تاوەکو کار بکەن، لە ئێستاشدا خراپبوونی باری ئابووریی وڵات بە شێوەیەکی گشتی هەلی کارکردنی سنووردار کردووە، بە واتایەکی دیکە بەشێکی پیاوانیش دەرفەتی کارکردنیان لە جاران زۆر کەمتر بووە.» گوتیشی: «بەداخەوە تا ئێستا کەلتوور و نەریتی پیاوسالاری زاڵە بەسەر کۆمەڵگەی ئێمەدا هەر ئەوەش وایکردووە تواناکانی ژنان هەمیشە شاراوە بێت. جیاوازی رەگەزی بە هەموو شێوەیەک نادادپەروەرییە، بۆیە پێویستە ژنان بەرەنگاری ئەو نایەکسانییە بکەن و تواناکانی خۆیان بە دەر بخەن و بیسەلمێنن کە هیچیان لە پیاو کەمتر نییە، لە خەبات و شۆڕشەکانی رابردووش سەلماندوویانە کە دەتوانن هاوشانی پیاوان بن.»

ژمارەیەک لە هاووڵاتییان جەخت لەوە دەکەنەوە کە جگە لە وەگەڕنەخستنی تواناکانی ئافرەت لەلایەن حکومەتەوە، ڕێگرییەکانی ماڵە باوان و هاوسەر لە بەردەم کارکردنی ئافرەت لە دەرەوەی ماڵدا زۆرە. ئەوەتا ڕێزان عەبدوڵڵا کە مامۆستای قۆناغی سەرەتاییە، دەڵێت: «هەموو ئەوانەی دەخوێنن، ئامانجیان ئەوەیە دوارۆژێکی باش بۆ خۆیان دابین بکەین، جا چ کچ بن، چ کوڕ، مانای نییە کەسێك بۆ ماوەی (١٦) ساڵ بخوێنێت، دواتر ڕێگری لە کارکردنی بکرێ، ئەوە ئەو پەڕی ستەمکارییە. منیش هاوسەرەکەم بەردەوام داوام لێدەکات دەستبەرداری مامۆستایەتی بم، بەڵام هەمیشە ڕەتم کردووەتەوە، دەمەوێ لەسەر پێی خۆم بژیم و بەئارەزووی خۆم کەلوپەل بکرم، ئەگینا دەبێ چاوم لەدەستی هاوسەرەکەم بێت.»، گوتیشی: «بەهۆی گرانی بازاڕو سەختبوونی ژیانی ئێستای خێزانەکان و کرانەوەی دونیا بە رووی جیهان و یەکسانیی نێوان تاکەکان لە ئەرک و مافەکانیان، ئافرەتانیش دەبێت شانبە شانی پیاوان کاربکەن، بەڵام بەداخەوە بەشێك لە پیاوان پێیان ناخۆشە هاوسەر، یان کچیان لە دەرەوەی ماڵ کاربکەن و ڕێگەیان پێنادەن.» ئەو مامۆستایە جەختی لەوەش کردەوە کە «لەم رۆژگارە بژێوی خێزان زۆر سەخت بووە، پیاو بە تەنیا باڵ بەهیچ راناگات، لەوانەشە بە هۆی نەبوونی کێشەو گرفت بکەوێتە ناوخێزان، بۆیە کارکردنی ئافرەت دەتوانێت هاوسەنگییەك دروست بکات.»

سەردار کەریم پاسەوانی کۆمپانیایەو یەکێکە لەو هەزاران کەسەی کە ڕەخساندنی هەلی کار و دەرفەتی کارکردن بۆ ئافرەتان بە پێویست دەزانن، سەبارەت بە ژیان خۆیشی دەڵێت: «هاوسەرەکەم وەك فرۆشیاری جلوبەرگی ئافرەتان کاردەکات، منیش هەمیشە پشتیوانیم کردووە، مووچەکەی من کەمە و ناتوانم بە تەواوی بژێوی ماڵەوە دابین بکەم، هیچیش عەیب نییە ژن و پیاو پێکەوە کار بکەن، ئەو رۆژانەش کە من لە ماڵەوەم زۆربەی کارەکانی ماڵەوە ئەنجام دەدەم و زۆر لە یەکتری رازین و لە خوا بەزیاد بێ لە هیچ کەممان نییە.»

کۆسار هەورامی دەرچووی زمانی ئینگلیزییەو لە کەرتی تایبەت کار دەکات. ئەو ڕایوایە: «بەپێچەوانەی کۆمەڵگەی نەریتسالاری کە لەمپەرەکانی بەردەم کارکردنی ئافرەت زۆرن، لەو وڵاتانەی یاساو پیشەسازییان لە لوتکەدایە، بە یەکسانی ڕەچاوی تواناکانی ژن و پیاو دەکرێ، بۆیە ئافرەتانیش بەشێکن لەهێزی کاری وڵات و دەرفەتی کارکردنیشان بۆ دەڕەخسێنن.» گوتیشی: «لەکوردستان کارکردنی ئافرەت بە بەراورد لەگەڵ ٣٠ ساڵ بەر لەئێستا گۆڕانکارییەکی زۆری بەسەردا هاتووە، حکومەتیش بە پێی توانا دەرفەتی بۆ دامەزران و کارکردنی ئافرەتان دروست کردووە، تەنانەت پێش ئەم قەیرانی ئابوورییە قەرزی بچووکیان پێ دەدرا و لە ماڵەوە کارگەیان دادەنا، بەڵام بەگشتی وەگەڕخستینی تواناکانی ئافرەتان لە کوردستان هێشتا زۆر لاوازە و پێویستی بە پلان و کاری جددی هەیە. ئێستا لە وڵاتانی پێشکەوتووی دونیادا بێکاربوونی ئافرەت جۆرێکە لە عەیبە و حکومەتیش قبووڵی ناکات.»






# هۆکارەکانی شکستهێنانی پرۆسەی هاوسەرگیری و ڕێکارەکانی چارەسەر لە ڕوانگەی هاووڵاتیانەوە

جیابوونەوەی هاوسەران گرفتێکی ئاڵۆز و مەترسیداری کۆمەڵایەتییە کە لە زۆربەی کۆمەڵگەکان بە ڕێژەی جیاواز بوونی هەیە، لەوەش مەترسیدارتر لە بەرامبەر هەڵکشانی ڕێژەی جیابوونەوە، کەمبوونەوەی پرۆسەی هاوسەرگیرییە کە باری ئابووری لەو بوارەدا ڕۆڵی سەرەکی هەیە. بەپێی ئامارەکان لە ماوەی چەندساڵی ڕابردوودا ژمارەی گرێبەستی هاوسەرگیری بەردەوام کەمی کردووە و تەڵاق و جیابوونەوەش لە هەڵکشاندا بووە. ئەنجومەنی دادوەریی هەرێمی کوردستان، لە ئامارێکیدا ئاشکرای کردووە کە لە ماوەی حەوت ساڵ و شەش مانگدا، واتە لە ٢٠١٠/١/١ تاوەکو ٢٠١٧/٦/٣٠ لە دادگاکانی هەرێمی کوردستان، ٣٣١ هەزار و ٥٤٠ گرێبەستی هاوسەرگیری تۆمارکراون، لە بەرامبەریشدا ٤٦ هەزار و ٤٨٨ حاڵەتی تەڵاق و جیابوونەوە ڕوویداوە. کۆمەڵناسان گرفتی ئابووری و قەیرانی کۆمەڵایەتی و هاوسەرگیری زۆرەملێ و هاوسەرگیری پێشوەختە بە هۆکاری سەرەکیی ئەم پرسە دادەنێن، بەشداربووانی ئەم ڕاپۆرتەش هۆکارەکانی شکستهێنانی پرۆسەی هاوسەرگیری و ڕێکارەکانی چارەسەری لە ڕوانگەی خۆیانەوە بۆ گوڵان دەخەنەڕوو.

گوڵان: کۆمەڵایەتی



**له ٢٠١٠/١/١ تاوەکو ٢٠١٧/٦/٣٠ له دادگاکانی هەرێمی کوردستان، ٣٣١ هەزار و ٥٤٠ گرێبەستی هاوسەرگیری تۆمارکراون، له بەرامبەریشدا ٤٦ هەزار و ٤٨٨ حاڵەتی جیابوونەوە روویداوە**

**تاکی ئێمە فێر نەبووە لە ئاست ئەرکەکانیدا خۆی بە بەرپرسیار بزانێت، جگە لەوەی رەنگە لایەنە سێکسییەکە زیاتر زاڵ بێ بەسەریاندا و دوای ماوەیەکی کەم لەیەکتر تێر دەبن، ئەوکات کێشەکان دەردەکەون**

**هەڵگرتنی بەرپرسیارەیەتی زۆر گرنگە، زۆربەی جار پیاوەکە بەرپرسیارەتییەکان بەتەواوی هەڵناگرێ و خۆی لێدەدزێتەوە، یان ئافرەتەکە هیچ بەرپرسیارەتییەک ناخاتە ئەستۆی سەرەنجام کێشە دروست دەبن و تەڵاقی لێدەکەوێتەوە**

سەرەتا چالاکی مافناس کەژاڵ هۆرمزیار ئاماژە بەوە دەکات کە «زۆرینەی کەیسەکانی جیابوونەوەی هاوسەران کە لە ناو دادگاکانی کوردستان تۆمار کراون، بە هۆی بێ ئاگایی و ناوشیاری و نەبوونی بەرپرسیارتی لەلایەن هەر دوو رەگەزەوە بووە، بۆیە زۆر گرنگە پێش هاوسەرگیری هەردوو لایان خۆیان وشیار بکەن و چەندین کتێب بخوێننەوەو بەشداری خولی فێرکاری دەربارەی خێزانداری بکەن، تاکو تووشی شکست نەبن، کە ئەگەر خاوەن منداڵ بن، ئەوا قوربانیی سەرەکی هەر منداڵەکە دەبێت.» گوتیشی: «چۆنیەتی پەروەردەی منداڵ لە ناو خێزان و خوێندنگە، راستەوخۆ کاریگەرییان لە سەر دروستبوونی کەسایەتی تاک هەیە، بۆیە پێویستە خێزان و حکومەتیش پلانی خۆیان بۆ هەموو قۆناخەکانی پەروەردەیی هەبێت.»

شاخەوان خالید - مافپەروەر و شارەزا لە بواری یاسا، سەبارەت بە هۆکارەکانی شکستهێنانی پرۆسەی هاوسەرگیری لەهەرێمی کوردستان دەڵێت: «یەکێك لە دیاردە نەخوازراوەکانی ئەم سەردەمە کە وەکو نەخۆشییەک لە نێو کۆمەڵگەکەمان تەشەنەی کردووە، دیاردەی تەڵاقە، هۆکاری زیادبوونی دیاردەی تەڵاقیش گەلێك زۆرن، هەندێکی پەیوەندی بە خراپی باری ئابووریی هەرێمی کوردستان بەگشتی و باری دارایی تاکەکان هەیە، بەتایبەت لەم چەند ساڵەی دوایی کە قەیرانی ئابووری گەیشتە لوتکە و زۆرێك لە خێزانەکان بەهۆی نەبووی دارایی گونجاو بۆ باروگوزەرانیان دوچاری کێشەوگرفت هاتن و لەئاکامدا لێکترازان روویدا و لەم نێوەندەشدا منداڵ زەرەرمەندی یەکەمە لە جیابوونەوەی باوان. بەشێکی دیکەی هۆکاری تەڵاق دەگەڕێتەوە بۆ ئەو پێشکەوتنە گەورەیەی تەکنۆلۆژیای ئایتی بە خۆیەوە بینیویە لەبواری سۆشیال میدیا و ئینتەرنێت و بەشێك لەم تۆڕە کۆمەڵایەتییانە بوونە هۆکاری خیانەت و هەندێکیش پەیوەندی بەوەوە هەیە بەهۆی خۆخەریککردن بەم تۆڕەکۆمەڵایەتییانە ژن و مێرد زۆر لەیەکتری دوورکەوتوونەتەوە، سەرەنجامی ئەو دوورکەوتنەوەیەش ساردبوونەوەو کەمبوونەوەی سۆز و خۆشەویستیی نێوان ژن و مێردی لێدەکەوێتەوە، کە رەنگە جیابوونەوەشی لێ بکەوێتەوە، هەروەها لەیەك تێنەگەیشتن و نەبوونی سازان لەنێوان ژن و مێرد وادەکات، کاتێ کێشەیەك دێتە پێش بە عەقڵ و مەنتق و زیرەکانە بۆ کێشەکان ناچن و زۆر جار دەبێتە هۆکاری جیابوونەوە، هەروەها هەڵگرتنی بەرپرسیاریەتی زۆر گرنگە، زۆربەی جار پیاوەکە بەرپرسیاریەتییەکان بەتەواوی هەڵناگرێ و خۆی لێدەدزێتەوە، یان ئافرەتەکە هیچ بەرپرسیاریەتییەك ناخاتە ئەستۆی سەرەنجام کێشە دروست دەبن و تەڵاقی لێدەکەوێتەوە، خاڵیکی دی لەهۆکارەکان، دروستکردنی پەیوەندی دەرەکی و ناشەرعییە لەلایەن پیاو و ئافرەتەکەوە کە سەرەنجام ئاشکرا دەبێت و دەبێتە هۆکارێك بۆ جیابوونەوە، بۆ چارەسەرکردنی ئەو هۆکارانەش دەبێت کچان و کوڕان بەر لەهاوسەرگیری وشیارییان لا دروست بکرێ و ئەرك و ماف و بەرپرسیارییەتەکانی هاوسەرداری و خێزانداری بزانن، ئینجا بچن هاوسەرگیری بکەن، ئەگەر نا دیاردەی جیابوونەوەی هاوسەران نەك هەروا دەمێنێت، بەڵکو رۆژ لە دوای رۆژ زیاد دەبێت.»

رەحمان عەلی پسپۆڕی بواری کۆمەڵایەتییە و هێما بۆ ئەوە دەکات کە «زۆرجار لە کۆمەڵگەی کوردیدا گرێبەستی هاوسەرگیری لە قۆناغێکی یەکجار زووی تەمەن ئەنجام دەدرێت، کە هەردوولا شارەزاییەکی ئەوتۆیان لەسەر چۆنیەتی بەڕێوەچوونی پرۆسەکە نییە.» هاوکات دەڵێت: «تاکی ئێمە فێر نەبووە لە ئاست ئەرکەکانیدا خۆی بە بەرپرسیار بزانێت، جگە لەوەی رەنگە لایەنە سێکسییەکە زیاتر زاڵ بێ بەسەریاندا و دوای ماوەیەکی کەم لەیەکتر تێر دەبن، ئەوکات کێشەکان دەردەکەون، لەگەڵ هەموو ئەوانەشدا لە کۆمەڵگەی ئێمەدا خێزان نیمچە هەڵوەشانەوەیەکی بە بەردا کراوە، چونکە تەکنەلۆژیا باڵی بەسەر خێزانەکاندا کێشاوە و خێزان ناتوانێ بە ئەرکەکەی خۆی هەڵبستێ و ئەوەی لەسەریەتی ئەنجامی بدات، واتا هاوسەرەکان ئەوەندەی سەرقاڵی تەکنەلۆژیان ئەوەندە ئاگاداری ژیانی هاوسەری نین و بە مەرج و بەڵێنەکانیان پابەندنابن، لەم نێوەندەدا ناپاکی هاوسەری سەرهەڵدەدات، لە کۆمەڵگەی ئێمەشدا بەهۆی چەندین هۆکارەوە پیاوان زیاتر ناپاکی لە ژنەکانیان دەکەن، ئاشکرایە بۆ ئەوە هاوسەرگیری دەکرێت تاوەکو بەیەکەوە ژیان هەبێت بۆ ئەوەی کۆمەڵگە بەردەوامی هەبێت، بەڵام بەداخەوە بەشێکی زۆری هاوسەران لە تەنگەژەیەکی گەورەی دەروونی، ئابووری و کۆمەڵایەتی ژیان بەسەر دەبەن، دواجار جیابوونەوە بە فریادڕەسی خۆیان دەزانن و منداڵەکانیان پەرتەوازە دەکەن، ئەگەرچی بەشێکی هاوسەران بەهۆی کەسوکار و دابونەریت و عورفی کۆمەڵایەتی درێژە بە ژیان دەدەن.

بەپێی ئامارەکانی ئەنجومەنی دادوەریی هەرێمی کوردستان، لە ماوەی حەوت ساڵ و شەش مانگدا، واتە لە ٢٠١٠/١/١ تاوەکو ٢٠١٧/٦/٣٠ لە دادگاکانی هەرێمی کوردستان، ٣٣١ هەزار و ٥٤٠ گرێبەستی هاوسەرگیری تۆمارکراون، لە بەرامبەریشدا ٤٦ هەزار و ٤٨٨ حاڵەتی تەڵاق و جیابوونەوە روویداوە. زۆربەی حاڵەتەکانی جیابوونەوەش لەنێو ئەو هاوژینانەدا بووە کە تەمەنیان لە نێوان ١٥ تاوەکو ٣٠ ساڵاندا بووە.

دوای هەمواركردنەوەی یاسای باری کەسی و دەرچوواندنی یاسای بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژیی خێزانی، هێنانی زیاتر لە ژنێك زۆر سنووردار کراوە، بەڵام بەپێی ئامارەکەی ئەنجومەنی دادوەری لە ماوەی حەوت ساڵی رابردوو ٩١٠ کەس بە یاسایی ژنی دووەم یان سێیەم یان چوارەمیان هێناوە. هەر لەو ماوەیەدا ٢٢ هەزار و ٨٧٣ مارەبڕینی دەرەکیش لە دادگاکانی هەرێمی کوردستان تۆمارکراون، بەشێك لەو مارەبڕینە دەرەکییانە هێنانی ژنی



دووەم و سێیەم و چوارەم بووە. ئەو گرێبەستانە لە دادگاکانی شارەکانی عێراق و ناوچە کێشە لەسەرەکان تۆمارکراون و دواتر لەلایەن دادگاکانی کوردستانەوە پەسەندکراون.

بەپێی ئامارەکەی ئەنجومەنی دادوەریی هەرێمی کوردستان، لە ماوەی حەوت ساڵ و شەش مانگی یەکەمی ٢٠١٧دا، ٣٣١ هەزار و ٤٥٠ گرێبەستی هاوسەرگیری لە دادگاکانی هەرێمی کوردستان تۆمارکراون، واتە رۆژانە ١٢١ خێزانی نوێ لە کوردستان پێکدەهێنرێ.

بەپێی ئامارەکە لەو ماوەیەدا زۆرترین گرێبەستی هاوسەرگیری لە دادگاکانی سنووری پارێزگای هەولێر تۆمارکراون کە ١٢٨ هەزار و ٦٤٤ گرێبەست بووە، هەروەها لە پارێزگای سلێمانی ٩٣ هەزار و ٨٧٨ گرێبەست و لە پارێزگای دهۆکیش ٨٢ هەزار و ٧٤٧ گرێبەست تۆمارکراون. کەمترین گرێبەستیش لە دادگاکانی کەرکووك/ گەرمیان بووە کە ٢٦ هەزار و ٢٨١ گرێبەست بووە.

لە ئامارەکانی حەوت ساڵی ئەنجوومەنی دادوەریدا ئاماژە بە مارەبڕینی دەرەکیش کراوە کە ٢٢ هەزار و ٨٧٣ حاڵەت بووە، واتە ئەو مارەبڕینانە لە دەرەوەی دادگاکانی هەرێمی کوردستان تۆمارکراون، دواتر لە هەرێمی کوردستان پەسەندکراون.

بە گوێرەی ئامارەکە زۆرترین مارەبڕینی دەرەکی لە سنووری هەولێر تۆمارکراوە کە ٩ هەزار و ٥٠٨ حاڵەت بووە، پارێزگای دهۆك بە ٦ هەزار و ١٨٧ حاڵەت و پارێزگای سلێمانی بە ٥ هەزار و ٨٦٧ حاڵەت بە پلەی دووەم و سێیەم دێن، کەمترین مارەبرینی دەرەکیش لە کەرکوك/گەرمیان بووە کە تەنیا هەزار و ٣١١ حاڵەت بووە.

ئامارەکەی ئەنجومەنی دادوەری ئاماژەی بە ژمارەی ئەو کەسانەش داوە کە لەو ماوەیەدا زیاتر لە ژنێکیان هێناوە. بەپێی ئامارەکە لە ساڵی ٢٠١٠ تاوەکو ٢٠١٦، ٨٩١ پیاو لە دادگاکانی هەرێمی کوردستان رێگەیان پێدراوە ژنی دووەم یان سێیەم یان چوارەم بهێنن. بەپێی ئامارەکە لەو جۆرە ژنهێنانەدا پشکی شێر بەر پارێزگای سلێمانی کەوتووە کە ٣٣٦ پیاو ژنی دووەمیان هێناوە، دوای ئەویش هەولێر بە ٢٧٨ حاڵەت و کەرکووك/ گەرمیان بە ٢٠٤ حاڵەت و دهۆك بە ٩٢ حاڵەت بە پلەی دووەم و سێیەم و چوارەم دێن.

هەر بەپێی داتاکانی ئەنجومەنی دادوەری لە ماوەی شەش مانگی یەکەمی ساڵی رابردوودا، ١٩ گرێبەستی هێنانی ژنی دووەم لە دادگاکانی هەرێمی کوردستان تۆمارکراون. هەرچی پەیوەندیدارە بەتەڵاق و جیابوونەوە، لە ماوەی حەوت ساڵی رابردوو و شەش مانگی یەکەمی ٢٠١٧ دا بە گشتی ٤٦ هەزار و ٤٨٨ حاڵەت تۆمارکراوە، زۆربەی حاڵەتەکانی تەڵاق و جیابوونەوە لە پارێزگای هەولێر بووە کە ١٨ هەزار و ٨٨١ حاڵەت بووە، بەڵام دهۆك کەمترین حاڵەتی تۆمار کردووە کە ٨ هەزار و ٤٨٨ حاڵەت بووە. لە پارێزگای سلێمانی ١٧ هەزار و ٧٥ حاڵەتی تەڵاق و جیابوونەوە تۆمارکراوە. لە دادگاکانی کەرکووك/گەرمیانیش سێ هەزار و ٥٥ حاڵەت تۆمارکراون.

**لەیەک تێنگەیشتن و نەبوونی سازان لەنێوان ژن و مێرد وادەکات، کاتێ کێشەیەک دێتە پێش بە عەقڵ و مەنتق و زیرەکانە بۆ کێشەکان ناچن و زۆر جار دەبێتە هۆکاری جیابوونەوە**

**چۆنیەتی پەروەردەی منداڵ لە ناو خێزان و خوێندنگە، راستەوخۆ کاریگەرییان لە سەر دروستبوونی کەسایەتی تاک هەیە، بۆیە پێویستە خێزان و حکومەتیش پلانی خۆیان بۆ هەموو قۆناخەکانی پەروەردەیی هەبێت**